

# ماڵ ئاوایی

○

شەماڵ مەحەمەد قادر
هەولێر

بەیانی یەکی فێنکی حوزەیران بوو.. دەمێك بوو خۆر تیشکە زێرینەکەی بەسەر شانو ملی شاردا پەخش کردبووەوە، بەڵام لەوەدا نەبوو پیاو لە پەلو پۆ بخات.. تیشکەکانی وێنەی قژی زێرینی کیژۆڵەیەکی شەرمن خۆیان دەنواند.. لە ماڵ هاتە دەرەوە.. چاوێکی خێرای بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا.. ئەم بەیانی یانە دەگمەنن.. سروشت بێ شەرمانە تارای بووکێنی لەسەر ڕوخساری لادەدات.. هەنگاوەکانی ڕێگاکەی دوێنێ کەیان پێ نیشاندا.. ملی ڕێگاکەی گرت، تا گەیشتە سەر شەقامەکە.. چاوێکی پێدا خشاند.. خەڵك ووردە ووردە بەرەو کارو کاسبی خۆیان دەڕۆیشتن.. چەند ئافرەتێکی عەبا لەسەر لەم لاو لەولا بەخێرایی بەڕۆخی شەقامەکەدا تێدەپەڕین.. لە شوێنی وەستانی پاس دا هەرزەکارێك خەریکی چاوبڕکێ بوو لەگەڵ کیژۆڵەیەکی شەرمن دا.. دوو منداڵ بەسەر عەرەبانەیەکەوە چوار ناڵەیان بەگوێ درێژێك خستبوو.. پیرەژنێك لەژێر تێلەگەیەکی گەورەدا نووشتابووەوەو چاپوکانە هەنگاوەکانی ڕێگاکەیان دەبڕی.. ئەوا ئەویش وێنەی ئەو خەڵكو خوایە بەم بەیانی یە بەشەقامەکەدا بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە.. ڕووی وەرگێڕا بۆ ئەوبەری شەقامەکە. ڕوو بە ڕووی گەڕەکە ڕێكو پێکەکە بووەوە.. چۆڵەکە بەدەرەوە نەبوو جگە لەو پیرەمێردەی هەموو بەیانی یەك لەگەڵ عەرەبانەیەکی دەستی خەریکی ماڵینی ڕۆخی شەقامەکەیە.. هێشتا هەڵنەستاون.. ئەوانە وەکو ئێمەو مانان نین.. باشە ئەوە ناچن بۆ ئیش..؟ دائیرە..؟ هیچیان نی یە..؟ چەند ووشەیەکی بە خەیاڵ داهات، کە نەیزانی لە کوێ ی بەرچاو کەوتووە.. «چ ڕۆژێکەو دەبێ بێ.. کە هەموو کەلاوەکان ببن بە کۆشك.. ئەگینا هەموو کۆشکەکان دەبنە کەلاوە..!»[1].

ئەمشەو تا بەیانی نەنووستووە.. هەر لەسەر جێگا شڕەکەی گینگڵی داوە.. خەیاڵی ئەوساتەی ئێستا تیای دایە لوولی داوە.. هەنگاوەکانی ووردو لەسەرەخۆ بوون.. دوو کیلۆ مەتر.. واتە نزیکەی یەك سەعات.. دەبێ بە سەعات «نۆ».. زۆر باشە.. نەزووە، نە درەنگ.. بەڵام ئەو خەڵکە گەمژەیە.. ئەوانەی زووو درەنگیان بۆنی یە.. هەر خەریکی هەڵس و کەوتی خەڵکی ترن.. وەکو مووی لووت لە بەردەمتان.. ئای لەو ڕۆژە ڕەشەو لەو خەڵکە دڵ ڕەشە......

ئەسپی خەیاڵ هەڵیگرت بۆ ناو باوەشی کەلاوەکان.. تەقەی دەرگا.. خشەی سۆل.. کرانەوە.. ووردبوونەوەی شەرمنانە.. دوایی....... بزەیەکی شیرین لغاوەکانی لێك کردەوە.. لەپڕ برووسکەیەك سری کرد.. لە جێگای خۆی ووشك بووەوە.. لە قورگی بەرەو خوار تا بنی سکی هەستی بە گەرمایی یەکی تیژ کرد.. نقوومی بیرکردنەوەیەکی قووڵ بوو.. دڵی بە توندی کەوتە لێدان.. لە ژێر تەووژمی هەڵچووی خوێن دا سوور هەڵگەڕابوو..

– ئەگەر ئەو.....نا، نا، سەعات دەبێ بە «نۆ».

ووشەکانی دوێنێ زیاتر هێزیان هێنایەوە بەرۆ بەرە تەزوویەکی سارد

حەزی کردەوە..

- ئێستا وەرە.. عیسامو ئەنیایش ئومەتەکەمن.. چوار مێخەم دەکێشن.

- ئێستا نابێ.. خۆت دەزانی ئەو خەڵکە چۆن مێشێك دەکەن بە گامێشێك.

- کە واتە بەیانی... سەعات «نۆ».. نـ... ۆ...ۆ ....ۆ ۆۆ....

وێنەی زەنگوڵێك لە گوێ‌ی‌دا زرنگایەوە.. دڵۆپێ ئارەقەی سارد بە لاجانگی‌دا هاتە خوارەوە.. دەستی برد زۆر بە هێواشی سڕی‌یەوە.. بزەیەکی خۆشی کەوتە سەرلێوەکانی.. خۆشی‌یەکی شاراوە ختووکەی‌دەدا.. دیمەنی دوێنێ ئێوارە.. دابەزین‌و خواحافیزی.. خەیاڵی ئەمشەو.. بەرەو دنیایەکی تریان برد.. لەپڕ هۆڕنی ئوتومبیلێك هێنایەوە سەر خۆی. کە ئەوەندەی نەمابوو لە ژێر پێچکەکانی‌دا بیلیشێنەوە.. هەستی بە ئەنزی‌یەکی لەرادە بەدەر دەکرد.. خۆی وەکو پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دەهاتە بەرچاو.. سی‌و پێنج ساڵ.. دەڵێن ئەمانە قەدری خۆشەویستی‌و ئارەزووو پیاویان لایە.. ئارەزووی ئەم جۆرە ئافرەتانە بە ئاسانی دامرکێتەوە.. پڕیەتی لە نهێنی‌و هەوەس.. دیمەنەکە روونتر بووەوە.. دوو چوی شەکەت‌و ماندووو نیگا قووڵ.. لێوەتەنکەکانی، کە لەگەڵ قسەکردن‌دا بەزەردەخەنەوە دەلەرزین.. ئەوەندە ناسك بوون هەستی دەکرد لەگەڵ بزەدا شەق دەبەن.. پرچە قەترانی‌یە درێژەکەی.. کە بەسەر شان‌و ملی‌دا خاوی کردبوونەوەو تا نزیك سەر سمتی داکشابوو.. بەژن‌و باڵا بەرزو گۆشتنەکەی.. زەردەخەنە شیرینەکانی.. کام کیژۆڵەی چواردە ساڵی ئەم هەوەسە دەدەنە پیاو..! دەستێکی بەقژە لوولەکەی‌دا هێناو بە پەنجەی دۆشاو مژەی دڵۆپێ ئارەقەی تری لەنێو چەوانی سڕی.. خەریك بوو جڵەوی هەوەس شل بکاو بە ئارەزووی خۆی لە باخی ئەولەش‌و لارە ناسکەدا بلەوەڕێ.. بەڵام نەء.. پیاو.. کەرامەت.. مێرد.... د.... د د د....

کە سەری هەڵبڕی شەقامەکەی بە تەواوی بڕیبوو.. چەند هەنگاوێك مابوو کۆڵانە تەنگە بەرەکە لە باوەشی بگرێ.. هێزێك بۆ دواوەی گێڕایەوە.. هەستی بە شلەژان کرد.. خۆی راپسکاندو بەرەو دەرگاکە تەکانی‌دا.. دوو سێ ئافرەتی بە ساڵا چوو بەم بەیانی یە لەبەر دەرگای کەلاوەیەك هەڵتووترکابوون، خێسەیەکی پڕ مانایان بۆ کرد.. بەڵام گوێ‌ی نەدایەو هەنگاوەکانی خێراتر هەڵێنایەوە..

- تەق..... تەق.....

هەستی بە ئارەقە دەردان کرد.. نەیزانی ئەئارەقەی ترسە، نەهی شەرم.. چاوەڕێ‌ی کرانەوەی دەرگاکە بوو.. چاوەڕوانی ئەسپێکی خورتی سەرکەش بوو زەفت نەدەبوو.. دڵی ئەوەندە بە توندی لێ‌ی دەدا هەستی کرد لە سنگی دەردەپەڕێتە دەرەوە.. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد... ئافرەتەکان خێسەکەیان توندتر دووبارە کردەوەو لە ژێر لێوە بە دووکەڵ زەرد هەڵگەراوەکانیان قسەی پیسیان بۆ حەواڵە دەکرد.. نیگاکانی گواستەوە بۆ ڕیزێ کەلاوەو خانووی داهێزراو کە کۆڵانێکی لاکێشەیی ئەملاو ئەولا قۆپاویان پێك هێنابوو.. بەراووردێکی خێرای ئەو کەلاوانەو ئەو تاقانەی کرد کە پیاو سەری لێیان سوڕ دەمێنێ.. ژوورە چل چراکان.. ئەو ژوورانەی شەوو رۆژیان بۆنی‌یە.. ئەوانەی لەش‌و لاری ناسك‌و کراسی کورتی تەنك سەمای نازی تێدا دەکەن.. لە ناوەوەش‌دا بۆشن‌و کرم لێ‌ی داون.. منالێ خۆی کەوتەوە یاد.. خانووێکی گڵێنی کاریتەو شەقڵە بەند.. ژوورێکی بچووکی بە چەند وێنەیەکی رەنگ زەرد رازاوە.. ژوورێکی ساردی بێ باوکی پڕ لە منالێ سەرکەو بنکە.. ئەو منالانەی لە شەوانی ساردی زستانا هەر لە ئێوارەوە تا بەیانی ترس یاری بە هەستە رووشاوەکانیان دەکات.. برسێتی‌و رووت‌و قووتی تامەزرۆی ماچ کردنیانن.. هەنسکێکی کورت هێنایەوە سەر خۆی..

- تەق.... تەق.... تەق.....

دوای چەند چرکەیەك خشەی سۆلێك لەودیو دەرگا پەردەی گوێکەی لەرانەوە.. ختووکەیەکی سارد بە لەشیدا هات.. بیرو هۆشی واجەنجاڵ بوو بوو، حەزی دەکرد وەکو جنۆکە لە بەرچاوان گوم بێ‌و حەوشەیەکی پیس‌و پۆخڵ قووتی بدات.. دەرگا تەنەکە ژەنگاوی‌یەکە لە چوارچێوە دارینەکەی ترازا.. چاوەکان یەکتریان ناسی‌یەوە.. ئاشنایەتی چەند ساتێکی کەم بە یەکتری ناساندن..

- بەیانی باش..

- گیان باش، خۆش بی.. فەرموو وەرە ژوورەوە.

بە بزەیەکی گێلانەوە بۆ ژوورەوە ملی‌نا.. ئەوەندە شڵەژابوو تا تاقە ژوورە بنمیچ نزمەکەی سەرەوە رانەپەڕمووە سەر ئەوەی ئاوری لێبداتەوە.. لە ژوورەوە لەسەر نیمبەرەیەکی پەڵە پەڵە جێگای بۆ دەست نیشان کرد:

- فەرموو دانیشە.. بە خێربێ‌ی.

- خۆش بی گیانەکەم.

چاوی بڕی‌یە چاوەکانی، ئەویش بە شەرمێکی کێژانەوە سەری راخست.. قورگی ووشك‌و تاڵ بوو بوو.. داوای پەرداخێ ئاوی کرد.. ووشەی «سەرچاو» ئەوەندە بە نزمی لەدەمی هاتە دەرەوە، کە بەحاڵ گوێ‌ی لێبوو.. دوای هەڵقوراندنی پەرداخە شەربەتەکە، دەستی گرت‌و لەپاڵ خۆی دانینا.. چاوەکان دیسان ئامێزیان بۆ یەکتر گرتەوە.. هەریەکەو

دیمەنێکی بە ئارەزووی خۆی وێنە کێشابووو لەویتری دەخوێندەوە.. ئەسپی خەیاڵ هەڵیگرتن.. بۆ شوێنە یەکجار دوورەکان.. ئەو شوێنەی ترسو خێسەی تیا نی‌یە.. بۆ تەنیایی ژێر تریفەی مانگەشەو.. بۆ دەشتێکی کاکی بەکاکی لە ئێوارەیەکی پایزی ڕەنگ زەردا.. نەك ژووری چل چرای سەراو تاقە بەرزەکان.. جێگای پڕ حەزو نهێنی.. جێگای پاکی‌و میهرەبانی.. دوور لە کامێرای مەرگەوە ڕێ‌یە دەروون پیس‌و دڕندەکان.. هەستیان بە توانەوەی ئازارەکانیان دەکرد لە دەروونی‌یە کتریدا..

– پەروین......

پشکۆیەك چزا بە قورگی‌یەوە.. تا ڕیخۆڵەکانی داخ کرد.. هێزی دوو چاوی ماندووو شەکەت بەرەنگاری بوونەوە.. بەپچڕ پچڕی‌یەوە ڕستەکەی بۆ تەواو کرا..

–خۆ...و .. شم...... دەوێ‌ی.

بێ دەنگی‌یەکی سامناك باڵی بەسەردا کێشان.. دوو دڵ بوو.. هەموو هێزی خۆی خستەکار..

– من باوەڕم بە خۆشەویستی نی‌یە.. بەڵام لەگەڵ تۆدا هەست بە ئارامی دەکەم:

– چۆن...؟ بۆچی...؟ یانی من..

لێ‌نەگەڕا ڕستەکەی تەواو بکات.. بە دەنگێکی پڕ شەرم‌و تاسەوە ووتی:

– نەك هەر باوەڕم بە خۆشەویستی نی‌یە.. بگرە باوەڕم بە هیچ پیاوێکیش نی‌یە.

–چۆن....؟ یانی باوەڕت بە منیش نی‌یە؟!.

– وەکو ووتم بە هیچ پیاوێك.

– بۆ تۆ بە چ چاوێکەوە تەماشای دەکەی؟

بزەیەکی تاڵ‌و پڕ مانا لێوە تەنکەکانی لێك ترازاند.. وەکو بیەوێ بڵێ: «کوڕی باش دەمت بۆن کەی بۆنی شیری خاوی لێ دێ».. بە بڕوایەکی پتەوەوە.. بێ ئەوەی چاوی لێ بترووکێنێ، ووتی:

– خۆشەویستی مانایەکی پاکی مرۆڤایەتی‌و ڕاستی‌یە.. بەڵام ئێمە بەسەر پردی درۆدا تێدەپەڕین تا پێ‌ی بگەین.. مشکەکەی حەزرەتی مووساش لە ژێرەوە کەوتۆتە بەر قرتاندنی جەمسەرەکانی پردەکە لەبەر ئەوە قەت نایگەینێ. دڵی تێك‌هەڵچووو حەزی بە ڕشانەوە دەکرد.. ڕق سواری سەر شانی بوو.. بەڵام هێزی چاوە ماندووەکان خاویان کردەوە.. نەیگرتە خۆی‌و بەرەو باوەشی خۆی ڕایکێشا.. ئەم بێ ئەوەی خۆی ڕاپسکێنێ خۆی بۆ شل کردو گرتیە باوەشی.. لێوە هارە لەرزۆکەکانی لە تاریکی‌دا دوو لێوی ناسکیان قۆستەوە.. تا توانی پڕ بە دەم هەڵیمژین.. بە پەنجە ناسکەکانی یاری بەقژە لوولەکەی دەکرد.. دەستی گێڕا.. لە گەردنەوە بەرەو خوار.. تا گەیشتە بەرۆکی.. تەزوویەکی پڕ لەزەت لە دەمارەکانی فیچقەیان کرد.. خەریك بوو جڵەوی هەوەسی لە دەست شل دەبوو.. لێك ترازان.. چاوی بڕی‌یە چاوی.. بەسەر لەقاندنێکەوە ووتی:

– پەروین گیان.. بڕوابکە تا ئەوپەڕی ڕادەی خۆشەویستی خۆشم دەوێ‌ی.. خۆزگە ئێستا گڕی ئەشقت دەیسووتاندم‌و لەباوەشت‌دا دەبووم بەخۆڵەمێش.. تالەهەموو مانا نهێنی‌یەکانی خۆشەویستی گەیشتبای..

ئەوبێ ئەوەی وورتەی لەدەم بێتەدەرەوە، هەر چاوی لەچاوە ‌نینووەکانی بڕیبوو.. زانی ئەو ڕووانینانە مانایەکی تایبەتی خۆشەویستی پاك دەبەخشن خۆشەویستی دوو دڵ بوون‌و ئاوێتە بوونی هەڵە کۆمەڵایەتی‌یەکان...

– ئەوە بۆچی ئاوا بێ مەیلی؟ چیتە؟

– هیچ... بەڵام...

– بەڵام چی؟

– خۆت دەزانی من مێردێکی دڵپاك‌و زەبەلاحم هەیە.

ئەم ووشانە وەکو گیانەوەرێکی کێوی پیای هەڵشاخان.. بۆ یەکەمجار هەستی بە تاوان کرد... دڵی گوشرا.. سەری کەوتە خول‌دان.. وێنەکان لەبەر چاوی تەڵخ بوون.. هێزی ئابڕوو.. کەرامەت.. دەستیان نایە بیناقاقای.. تەنگە نەفەس بوو.. بەڵام وێنەکە بەرە بەرە ڕوون بووەوەو، ئەو هێرشە ناوەختەی تێك شکاند.. دوو بارە گرتی‌یەوە باوەشی.. لە پڕ دەنگێك هاواری لێ کرد:

– سپڵە.. ناپاك.. دەست لە ئابڕووی خەڵکی هەڵگرە.

ئەمجارە چاوە شەکەتەکان شەفاعەتیان بۆ نەکرد.. هێزەکە تا دەهات دڕندانەتر چەپۆکی لە تەپڵی سەری دەدا.. نەیتوانی دان بە خۆی‌دا بگرێ...

– پەروین... دەستت لێ‌هەڵگرم؟

ئەو چاوەڕێ‌ی ئەو پرسیارە نەبوو.. هەر بەخەیاڵیشی‌دا نەهاتبوو.. بازنەی چاوەکانی کەمێك وێك هاتنەوە.. هەنسکێکی کت‌و پڕی قووت دایەوە..

– چی ؟...

پرسیارەکەی بۆ دووبارە کردەوە... بڕوای نەکرد... لە کاتێکی واو ئەو پرسیارە... ئەوساتەی هەزاران پیاوی دانا گەمژە دەکات.. شاکان چۆکی

...دەدەن.. هەوێنی مەیینی سەدان بە درەووشتیو لەناو چوونە.. بە ...ەوە تی‌ی ڕووانی.. بۆ ماوەیەك بێ دەنگی باڵی بەسەردا كێشان..

- .. توخوا نا... لەگەڵ تۆ نەبێ ناتوانم بژیم.

ئەم ووشانە بەدەم هەنسكەوەو لە باوەشێكی تامەزرۆدا كاری خۆیان ...و دەنگە گڕەكەیان كپ كردەوە..

...ت تێدەپەڕیو كەس ئاگای لێ‌نی‌یە.. چەندان تاوان دەكرێو چەندان ...ی دەزێن چەندان كەسیش دەبن بە قوربانی ئامانجەكانیان.. ئەوان هەر ...ەلاوەیێكی شێدار قووتی داون.

هاتە دەرەوە.. گەرمی خۆر تاسەر ئێسكی پیاوی دەسمی.. كۆڵانەكە ...ۆ دیاربوو.. جگە لەیەك دوو منداڵی شڕو ووڕو پێ خاووس كەسی‌تر بە ...ەوە نەبوو.. هەنگاوەكانی ملی ڕێگایەكی نادیاریان گرت.. نەیدەزانی ...ۆ كوێ‌ی ڕاپێچ دەكەن... دەستێكی ئەفسانەیی هەستەكانی دەشێلاو ...ویتەی یەكتری دەكردن.. هەر چەندی هەوڵی دەدا نەیدەزانی چۆنیان ...بڕێژێتەوە... لە گەرمەی ئەو شێلانو دارشتنەوەیەدا دەنگە گڕەكە یەخانگیری بوو..

- سپلە.. ناپاك.. دەست لە ئابرووی خەڵكی هەڵگرە .. ە .. ە .... ەە ........ دڵی گوشراو ئارەقەیەكی گەرمی دەردا... چاوەكانی لێڵو وێڵ بوون... لە شوێنی خۆی چەقیو بە هەردوو دەستی هەردوو لاسەری خۆی گوشی.. ترسێكی گەورەی لێ‌نیشت.. ترسی ئابڕوووو كەرامەتی خەڵكی... ماناكانی مرۆڤایەتیو یاسا كۆمەڵایەتی‌یەكان... كۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی.. هەموو لەشی‌كەوتە مووچرك دان.. خامۆشی باڵی بە سەردا كێشا.. هەستەكانی خەریك بوون دادەڕێژرانەوە، هەنسكێكی غەمگین لە گوێ‌ی زرنگایەوە...

- نا، توخوا نا... لە گەڵ تۆ نەبێ ناتوانم بژیم.

دنیا بەسەریدا وێك هاتەوە.. بچووك بووەوە... بچووكتر.. بچووكتر... جێگای هەنگاو نانی نەدەبووەوە... لەپڕ «گۆتە»ی بیركەوتەوە.. «ئازارەكانی ڤارتەر»... ئەوەتا لەم ڕۆژهەڵاتە ڕۆژی دەیان ڤارتەر دەبن بە قۆچی قوربانی چەندان هەڵەی گەورەو هیچ گۆتەیەك لێ‌یان ناپێچێتەوە... كێ بەرپرسیارە... یاسا ئاسمانی‌یەكان... یان یاسا كۆمەڵایەتی‌یەكان....؟ ووردە ووردە هەنگاوەكانی بەدوای خۆی‌دا ڕادەكێشا، تاگەیشتە سەری كۆڵانەكەو دەرگایماڵەوە هەڵی لووشی.

بە تەنیا لە ژوورە بچووكەكەی دانیشتو دەفتەرە بچكۆلانەكەی لە باخەڵی دەرهێنا... ئەو دەفتەرەی كە هاوەڵێكی غەمگینو بەوەفای ڕۆژانی چەرمەسەریو ئازارو ساتە خۆشەكانی بووە.. كەوتە خوێندنەوەی یاداشتەكانی.. لاپەڕەی یەكەمی هەڵدایەوە، نیگای دوو چاوی ماندوو ڕووبە ڕووی بووەوە.. ئەو نیگایەی لە ڕۆژانێك ئەقڵیان لە كەللەی‌دا نەهێشتو بوونە هۆی ماڵوێرانیو گەمژەیی.. لە كاتێكا وێنەی كێشاون كە دنیا بۆی داوەتە قاقای پێكەنین.. هەموو وەرزەكانی ساڵی لابەهار بووە.. نیگاكان داوای لێ بووردنیان لێ دەكردو لێ‌ی دەپاڕانەوە.. تەزوویەكی سارد لە تەوقی سەری‌یەوە تا بنی پێ‌ی ڕۆچوو.! دوو دڵۆپ فرمێسكی درشتو ڕوون بەسەر ڕوومەتە زبرەكانی‌دا گلۆر بوونەوەو تێكەڵ بە سمێڵە باریكەكەی بوون.. ئاخێكی ساردی هەڵكێشاو بەنا بەدڵی لاپەڕەی دووەمی هەڵدایەوە.. نیگای لەسەر چەند دێڕێكی ووردیلەدا لەنگەریان گرت.. ووشەكان بوونە پوورە هەنگێكو ووروژانە مێشكی.. «١٩»ی حوزەیران..

یەكجار دڵتەنگم.. لە دووڕیانێكی سەخت‌دا بە پەشۆكاوی وەستاوم.. كام توولە ڕێگا بەرەو ڕاستی دەكشێ؟.. ئەگەر ڕاستە مرۆڤ لە گەڵ كێشەكانی خۆی‌دا لە مل ملانی‌یەكی بەردەوام دایە لە پێناوی ئەنجامێكی پیرۆزدا، دەبێ ئەنجامی مل ملانێو كێشەكانی من چی‌بێ...؟! كوێرمو مەسیحی دەجاڵ ڕێ‌نیشان دەرمە، یا چاو ساغمو هەڵوێستە پیرۆزەكانی خۆیان لێم شاردۆتەوە..!؟ كامەیان ڕاستە؟ زیندە بە چاڵ كردنی دڵی زیندووی مرۆڤێك، یا خۆ هاوێشتنە نێو زەلكاوی ئابڕووە ڕژاوەكان... كامەیان هێزی لەبن نەهاتووی جەنگە پیرۆزەكەیە هێزی هەستە پڕ نهێنی‌یەكانی مرۆڤ، یا هێزی دەنگێكی وونی بێ هەستو توورەو تۆقێنەر.. ئەگەر ڕەدووكەوتنی هەستە ناسكەكانی مرۆڤ بەرەو زەلكاوی ئابڕووە ڕژاوەكان بێت، ئەوا هەزار مەرحەبا هەستی زیندووی مرۆڤو دڵی زیندووی مرۆڤ.. چونكە ئابڕوو نە بەهەستی ناسك دەڕژێو نە بەمانا پیرۆزەكانی ژیان... بەوەدەڕژێ شیری هەموو دایكێك تێكەڵ بنو هەموو مرۆڤیش لە بۆتەی یەكتریدا بتوێنەوە.

«٢٥»ی حوزەیران.

«لە پێناوی یەكتریدا دەژینو لە پێناوی یە...یدا دەمرین»... ئەوە ووشە ناسكەكانی ئەمڕۆ بەیانی بوو.. لە دڵێكی فراوانەوەو بێ گرێ لە زارێكی بچووك‌دا هاتنە دەرەوە.. لێوە تەنكەكانی پەروینیان بزواند.. ئەو لێوانەی كە حەز دەكەم بە ددان بیانقرتێنم... حەوت ڕۆژە هەست بە ژیان دەكەم.. ژیانو كێشەكانی.. ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر ژیانم لا شیرینە.. چونكە كەسێك هەیە خۆشم دەوێ.. خۆشی دەوێم.. كەسێك هەیە ئازارەكانمی لا دەربڕم.. دڵم بداتەوە.. دڵی بدەمەوە.. بەیەكەوە ڕەش بین بینو بەیەكەوە ببین بە مۆمی بەردەمی داهاتوومان.. بەیەكەوە لە نەریتەكانی ئەم ڕۆژهەڵاتە

...ەخی بێ.. ڕۆژ هەڵاتی درۆو پاکانە.. خیانەتو خۆ پاك کردنەوە.

**«٣»ی تەمووز:**

ژیان لام زۆر ئاسایی‌یە.. ئای کە گەمژە بووم، کاتێ هەستی خۆم گلاو دەکرد.. شتەکان لام پێچەوانە بوون.. ماوەیەك خۆم دەکرد بە «مەرسۆ»[٢] و ماوەیەکیش بە «تشیرتۆبخانۆف»[٣]... ئەمڕۆ بە پێچەوانەی هەموو جارێك پەروین دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵم ڕازی کردم بەیەکەوە بچینە دەرەوە... هەر لە بەیانی‌یەوە زۆر شوێنی خەمناكو چۆڵمان بەسەر کردەوە.. سەرتاپای باخچەکانی شار گەڕاین.. ترس.. ڕەش بینی.. لای پەروین مانایان نەبوو.. زەردەخەنە لێوە تەنکەکانی جێ نەدەهێشت.. تێناگەم چۆن ئاوا گۆڕاوە.. هەر چەند لێم دەپرسی، وەڵام هەر بزەیەکی ناسك بوو.. لە دوایی‌دا زۆر تکای کرد تا لەگەڵی چووم بۆماڵەوە.. هەمان کەلاوەی داهێزراو.. هەر لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئەوێ، وای لێ‌کردم یەکەم پەردەی ترسو شەرم بدڕێنم.. پەشیمانم، بەڵام خۆمنیش......

**«٤»ی تەمووز..**

کۆستە گەورەکە کەوت. ئەو کۆستەی کە قەت بیرم لێ نەدەکردەوە.. ئەمڕۆ دوو تەرم پێکەوە بۆ گۆڕستان بەڕێ خران.. تەرمی پەروینو تەرمی ئاواتەکانم.. ئەمڕۆش وەکو سەدان ڕۆژی‌تر پەتێك لە جیاتی باسکەکانم میوانی گەردنێکی درێژو بێگەرد بوو.. بۆ دواجار ماڵ ئاوایی لێکردم....

لە گەڵ ووشەی «ماڵ‌ئاوایی» دایە پرمەی گریانێکی بە کوڵ.. نەیتوانی یاداشتی دوایین ڕۆژ لەژیانە شیرینەکەی تەواو بکات، بێهۆش کەوتە سەر زەوی ژوورە نیمچە تاریکەکە.. جگە لە دەنگێکی نزمی «ماملێ» کە لە قوڕگی ڕادیۆ شڕەکەوە دەردەچوو هیچی تر نە دەبیسترا.

**هەولێر**
**تەمووزی ١٩٨٦**

**پەراوێزەکان:**

١ – لە چیرۆکی «لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە»ی کاك «شێرزاد حەسەن»ی چیرۆکنووس وەرگیراوە.

٢ – «مەرسۆ» پاڵەوانە تراژیدی‌یەکەی «ئەلبێر کامۆ» لە ڕۆمانی «مردنێکی دڵشاد». کە یەکێکە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی «کامۆ».

٣ – «تشیرتۆبخانۆف» یەکێکە پاڵەوانە تراژیدی‌یەکانی «ئیڤان تورجینیف» لە یەکێك لە چیرۆکەکانی «یاداشتەکانی ڕاوچی‌یەك».

●

# وێستگە

**خدر أحمد محمود**
**قەڵادزێ ١٩٨٧**

کە بێ ئەمەکی نواندو ماڵ‌ئاوایی لێ‌کردی، داری خستە ناو هێلانە زەردەواڵەو، خەمو ناسۆری لێ ئاڵۆز کردی.. کێ دەیگووت ئەم خۆشەویستیەت تەمەنی وەرزێکە؟!.

کە کتێبەکانت بە دەستەوە دەگرتو، بەرەو قوتابخانە هەنگاوت دەنا، وات دەزانی بۆ ناو جەرگەی خواستەکانت کێش دەکرێی! نەت دەزانی کام کراسو کام پانتۆڵە جوانە تا لەبەری کەی‌و، چۆن چۆنی خۆت تیف تیفە دەی.. ئەوە بۆنی خۆش هەر لێ‌ی گەڕێ، کەسێك هەڵامەتیشی بایە لە دوورەوە بۆنی بۆنەخۆشەکەی تۆی هەر دەکرد! سواری پاش نەدەبووی، چونکە قوتابخانەکە فرسەخێك لە ماڵەکەتان دوور بوو، ئەو ڕێگایەی کە شوێن پێ‌ی هەموو ڕۆژێکت بوو، زۆر بە ئاسانی کاتو شوێنت بەڕێ دەکرد، ڕێت دەگرتە بەرو، بە ناخی خۆت‌دا شۆڕ دەبوویەوە.. دڵە پڕ لە سۆزەکەت نقوومی چەندەها پرسیار دەکردو، وەڵامەکانیش پچڕ پچڕ بوون، وەك منداڵێکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەڵامی پرسیارەکانت بداتەوە، پەنجەکانی دەستی چەپت لەگەڵ پرسیارەکاندا یەك یەك دەتەقاندو جارێکی تریش پێ‌یان‌دا دەهاتیەوە.. دەڕۆیشتی‌و جادەو خەڵكو عەموودەکانت بەجێ دەهێشتن.. ئەندێشەکانت بە زەردو سەوزو ڕەشو تاڵو شیرینەوە بەناو مەزرای هۆشتدا گوزەریان دەکرد، بۆ خۆشت پێت سەیر بوو، ئەو ڕێ‌یە چۆن تەواو دەبێ! ئەمڕۆ دڵت زۆر خۆشە، هەموو شتێکت خۆش دەوێ.. دارو بەردو ڕێ‌و خەونو قوتابخانەو خەڵكو... هتد. هەتا گەیشتیە نزیك قوتابخانەکەتان، هەر کە چاوت بە هاوڕێ خۆشەویستەکەت کەوت، کە لەسەر یەك کورسی قوتابخانە دادەنیشتن، شریتی دنیای بێ لێ‌پرسینەوت پچڕاو سلاوێکی گەرمو گوڕتان لەیەکتری کردو لێت پرسی:

– زەحمەت نەبێت ئەمڕۆش ڕۆژنامەکەت پێ‌یە، ئەوەی بورجەکانی تێدایە؟.

ئەویش بێ سی‌و دوو ڕۆژنامەکەی لەنێوان کتێبەکان دەرهێناو دایە دەستت، تۆش وەك بە دوای کلیلی دەرگای چارەنووسو خۆزگەکانتدا